**کۆنگرەی ئازادی عیراق**

# 9/24 وەکو رۆژی خۆپیشاندانی سەراسەری لەدژی داگیرکاری وتیرۆریزم رادەگەیەنیّ!

شورای ناوەندی کۆنگرەی ئازادی عیراق لەرۆژی 9ی ئەم مانگەدا کۆبوونەوەی دەوری خوی لەشاری بەغداد گرێدا، لەم کۆبوونەویەدا کە زۆرینەی لیپرسراوان و رابەرانی کۆنگرە ئامادەی بوون و هاوکات چەندین کەسایەتی ناسراو ونوینەرانی چەندین لایەنی تری بۆبانگهیشت کرابوو، کۆبوونەوەیەك بوو تایبەت بە پیداچوونەوە بەکاروباری چەند مانگەی هەلسوورانی بەشەکانی کۆنگرە چ لەناوخۆی عیراق و چ لەدەرەوە وپاشان سەرنجیك درایە سەر باوردۆخەکانی ئیستای عیراق و ئەو فاکتۆرانەی کە هاتونەتە پیشەوە، لەوانەش مەسەلەی دەستور. شایانی باسە لەم کۆبوونەوەیەدا سەمیر عادل سکرتیری کارگیری کۆنگرە، بەدوای پیشکەش کردنی راپۆرتی کاروباری چالاکی‌یەکان و ئەوهەنگاوانەی کە لەراستای ناساندن و جیخستنی "کۆنگرەی ئازادی عیراق" وەك ریکخراویکی جەماوەری سیاسی بۆ گیرانەوەی مەدەنیەت و کۆتایی هینان بە داگیرکاری وشەری ئەحزابی قەومی وئیسلامی و تیرۆریزمیك کە ژیان و ئارامیان لەسەرتاپای کۆمەلگای عیراق بریووە، لەقسەوباسیکدا ئاماژەی بەوەدا کە ئیستا کۆنگرەی ئازادی عیراق جگەلەوەی کەلەئاستیکی کۆمەلایەتی و ولەدەرەوەی عیراق ناسراوی بەدەست هیناوە، هاوکات وەك قوتبیکی رادیکال و ئینسانی و داکۆکیکەر لە ئازادی و سکولاریزم و یەکسانی نیوان ئینسانەکان ناسراوە و بەم هۆیەشەوە سەرنجی کۆمەلگاو دنیای دەرەوەی بۆلای خۆی راکیشاوە.. هەروەها سەمیر عادل پیداگری ئەوەبوو کە کۆنگرەی ئازادی عیراق ئەگەرچی لەیەکەم هەنگاوەکانی سەرەتای کاریدا دەوریکی درەخشانی گێراوە بەلام دەبی دەستبەریت بۆ ئەو فاکتۆر و هۆکارانەی کە کۆنگرە دەگۆری بەریکخراویکی سیاسی جەماوەری کەبتوانی هیزی کۆمەلانی خەلکی عیراق بۆخواستە کانیان بهینیتە مەیدان و وەك هیزیکی کاریگەر لەسەر هاوکیشە سیاسی‌یەکان بەقازانجی خەلکی عیراق و دوارۆژی دلخوازیان دەوربگیری، لەمبارەشەوە ئاماژەی بەکۆمەلەی ئەو ئەرکانەدا کە دەبی کۆنگرە لەبەردەم ئایندەی کارو خەباتی خۆی دابنی و هەموو هیز وتواناکانی بۆ بخاتەگەر.

لەگۆشەیەکی‌تردا کۆبوونەوەکە هاتەسەر بارودۆخی ئیستای عیراق و بەتیرو تەسەلی لەبارەی مەسەلەی دەستور و پیلانیك کەئەمریکاو دەستیارانی لەئەحزابی قەومی وئیسلامی گەرەکیانە بەسەر خەلکی عیراقدا دایسەپینن راویژی کردو لەمبارەشەوە کۆمەلە پیشنیاریکی پەسەندکرد. هەرلەمبارەوە کۆبوونەوەکە پیداگری ئەوەی کرد کە رزگاری خەلکی عیراق بە کۆتایی هینانی داگیرکاری ئەمریکاو کردنەدەرەوەی هیزەکانی‌یەتی و هاوکات برینی دەستی ئەحزابی میلیشیای ئیسلامی وقەومی و کارنامەی تیرۆریزمیانە بەسەر کۆمەلگاوە وگیرانەوەی مەدەنیەتە لەلایەن خودی خەلکی عیراق خۆیانەوە بەدی‌دیت. لەم راستایەشدا کۆبوونەوەکە بریاری دا کە رۆژی **9/24** وەك رۆژیك بۆ سازدانی خۆپیشاندانی جەماوەری و هینانە مەیدانی نارەزایەتی، لەسەراسەری شارەکانی عیراق و لەچەندین ولاتی ئەوروپا و ئوسترالیاو ئەمریکا، بەمەبەستی پشتیوانی کردنی خەلکی عیراق و خواستی کۆتایی هینانی داگیرکاری و شەری تیرۆریستان، راگەیەندرا.

هەرلەم کۆبوونەوەیەدا شورای ناوەندی پرۆژەی دامەزراندنی کەنالی ئاسمانی و رادیۆیی بۆگەیاندنی بەرنامەو ئامانجەکانی کۆنگرەو هوشیارکردنەوەی کۆمەلانی خەلك لەدەوری خواستەکانیان، تاوتویکرد و پیویستی دەستبردن بۆئەم پرۆژانە بەگەرمی‌یەوە پیداگری لیکرا.

لەبەشیکی‌تری کۆبوونەوەکەدا بریاریکی تایبەت سەبارەت بەهەلویست لە"مقاوەمەت" پەسەندکراو هەروەها بریاردرا بە پیکهنانی کۆمەلەیەك بۆ چاودیری کردن لەمافەکانی ئینسان و ژیر پینانی لەلایەن هیزەکانی ئەمریکاو دەستەو تاقمە تیرۆریستی‌یەکانەوە.

لەکۆتایی کۆبوونەوەکەشدا بریاری زیادکردنی بەریزان ئیلهام تالەبانی کەئەندامی کارگیری یەکیتی شوراو نەقابە کریکاری‌یەکانە لەعیراق و عەبدولستار ئەل ئەعزەمی نوسەرو رۆژنامەنوس و عەبدولزوهرە عەبدولحەسەن سەرۆکی نقابەی خزمەتگوزاری‌یەکان و ئیبراهیم عیسی کەسایەتی ناسراوی کۆمەلایەتی ناوچەی ئەلحوسەینییە لەشاری بەغداد وعماد رەجەب ئەندامی پیشووی مەکتەبی کارگیری نقابەی کریکاران و سەعید نعمە سەرۆکی پیشووی نقابەی کریکارانی میکانیك و ساجد حبیب ئەندامی کۆمەلەی مافی مرۆڤ لەبەسرا و عومەر سەبری سەرۆکی ریکخراوی مافی مرڤ لە بەسرا و عەبدولکەریم عەبدولسادەی سەرۆکی کۆمەلەی خیزانە ئاوارەکان.. بۆ شورای ناوەندی کۆنگرەی ئازادی عیراق درا. لەکۆتاییشدا کۆبوونەوەکە سەمیر عادل وەك سکرتیری کۆنگرەو یەنار محمد و محمد صالح و قاسم هادی و عەلی عەباسی وەك ئەندامانی مەکتەبی کارگیری هەلبژارد و کۆتایی باکارەکانی خۆی هینا.